
# ڕۆڵی شێوەکارانی کورد لە فێستیڤاڵی فرەکولتووری جیهانی FACES دا

فێستیڤاڵی FACES ، کە ساڵانە لە دوایین هەفتەی مانگی حەوتدا ، لە لایەن ڕێکخراوی فرەکولتووری سەربەخۆی Etnokult ەوە ، لە وڵاتی فینلەند ڕێك دەخرێت، ئەمساڵیش لە کاتی دیاریکراودا سازدرا و چەندین چالاکیی هونەریی هەمەجۆری تێدا ئەنجام درا.

پێشانگای شێوەکاری فرەکولتووری جیهانیی FACES ، یەکێك لە دیارترین چالاکییەکانی فێستیڤاڵی ئەمساڵ بوو ، کە هونەرمەندانی کوردیش بەشدارییەکی چالاکانەیان تێدا کرد. ئەم پێشانگایە لە هۆڵێکی گەورەدا ساز کرا ، کە پێشتر کارگەیەکی کۆنی ئاسنگەری بووە و لە شوێنێکی زۆر دڵگیردایە کە پێی دەوترێت Billnäs.




پێشانگای FACES ، بەرهەمی هونەریی 31 هونەرمەندی گرتبووە خۆی ، کە بەڕەگەز خەڵکی 16 وڵاتی جیاواز بوون. ژمارەی هونەرمەندانی بەشداربوو لە هەر وڵاتێکدا بەم جۆرە بوو:

فینلەند 8 هونەرمەند ، کوردستان 5 هونەرمەند ، ڕوسیا 2 ، تەنزانیا 2 ،عێراق 2 ، ئیندۆنیسیا 2 ، کوبا 1 ، پیرۆ 1 ، ئەفگانستان 1 ، ئەڵمان 1 ، گامبیا 1 ، سوێد 1 ، چیلی 1 ، ئیسپانیا 1 ، ئەتیوپیا 1 و ئیتالیا 1 هونەرمەند.

بەم جۆرە ڕێژەی بەشداریی هونەرمەندانی کوردستان ژمارە دوو بوو لە لیستی وڵاتاندا و ژمارە یەك بوو لە لیستی گەل و نەتەوە و کولتوورەکاندا.

ئەو هونەرمەندە کوردانەی کە لەم پێشانگایەدا بەشداربوون ئەم بەڕێزانە بوون.

| | | | |
|---|---|---|---|
| سالار سۆفی | کوردستان | دانیشتووی فینلەند | 3 تابلۆ |
| پەیمان عەبدولقادر | کوردستان | دانیشتووی هۆڵەند | 4 تابلۆ |
| ڕوشدی ئەنوەر | کوردستان | دانیشتووی ئوستورالیا | 3 تابلۆ |
| عومەر ڕەسوڵ | کوردستان | دانیشتووی هۆڵەند | 3 تابلۆ |
| عەبدوڵا سەڕاج | کوردستان | دانیشتووی فینلەند | 8 تابلۆی قەوارە بچووك. |




ئەم پێشانگایە کە نزیك بە 200 تابلۆی گرتبووە خۆی ، لە 24.7.2002 بە ڕەسمی کرایەوە و تا 28.7 بەردەوام بوو. تە نها لە 48 کاژێردا (شەشی ئێوارەی 26.7 تا شەشی ئێوارەی 28.7 ) نزیك بە 7000 کەس سەردانی ئەم پێشانگایەیان کرد.

ئەم پێشانگایە بە گەورەترین پێشانگای شێوەکاری فرەکولتووری و جیهانی ناو دەبرێت ، کە تائێستا لە فینلەند ساز کرابێت.




هەر لەم فێستیڤاڵەدا، پتر لە 40 تیپی موزیك ، لە چەندین وڵات و نەتەوە و کولتووری جیاوازەوە ، بەرهەمی خۆیان پێشکەش کرد و جۆرەها چالاکی هونەریی تریش پێشکەش کران. شایانی باسە یەکێك لە ئامانجە گرنگەکانی ئەم فێستیڤاڵە، دژایەتیکردنی ڕاسیزم و پشتیوانیکردنی پەنابەرانە، هەر لەسەر ئەم بناغەیەش ئەم ڕێکخراوە پێکهێنراوە. بۆیە لەپاڵ ئەم چالاکییە هونەرییانەدا، چەند سیمینارێکیش لەسەر کێشەی پەنابەری و چۆنیەتی دژایەتیکردنی ڕاسیزم پێشکەش کران.




ئەم فێستیڤاڵە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی فینلەندی و هەندێك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی دەرەوەشدا ، دەنگێکی باشی دایەوە و لە چەندین ڕۆژنامە و کەناڵی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆوە، ڕاپۆرتە هەواڵ و چاوپێکەوتنی لەسەر بڵاوکرایەوە.

شایانی باسە هونەرمەندی شێوەکاری کورد سالار سۆفی ، بەڕێوەبەری بەشی شێوەکاریی فێستیڤاڵی FACES ، لە ساڵی 1998 ەوە ، واتە هەر لە دامەزراندنی ڕێکخراوی Etnokult ەوە، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری ئەم فێستیڤاڵەیە و هەر خۆیشی دامەزرێنەری بەشی شێوەکاریی ئەم فێستیڤاڵەیە.

ئێمە لێرەدا بە مەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوە و تیشك خستنە سەر ئەم فێستیڤاڵە و بەتایبەتیش پێشانگای FACES و ڕۆڵی هونەرمەندی کورد ، نموونەی چەند کۆپلەیەك لەو ڕاپۆرتە هەواڵ و چاوپێکەوتنانەتان دەخەینە بەر چاو کە لەگەڵ سالار سۆفی ئەنجام دراون.

.....................................................................................

ڕۆژنامەی (Länsiuusimaa) 26.7.2002 سەردێڕەکانی ڕاپۆرتە هەواڵەکە: با هاورێیەتیمان گەشە پێ بدەین......پێشانگای FACES لە ڕێگای هونەرەوە جیهان بەرەو باشتر دەبات.




پێشانگای FACES کە بۆ پێنجەمین جار ڕێك دەخرێت، 30 هونەرمەندی لە سەرانسەری جیهانەوە کۆکردووەتەوە. ئەم پێشانگایە کە گەورەترین پێشانگای شێوەکاری فرەکولتوورییە لە فینلەند ساڵ بە ساڵ هەر لەگەشەکردندا بووە.

دامەزرێنەری پێشانگاکە هونەرمەندی کوردستانی سالار سۆفی بەخۆشحاڵییەوە دەڵێت: – ( لە یەکەمین پێشانگادا تەنها تابلۆکانی خۆم بوون، لە دووهەمیندا 9 هونەرمەند و لە سێهەمیندا 17 هونەرمەند لەم پێشانگایەدا بەشداریان کرد ، هەر ئێستا ژمارەی هونەرمەندانی بەشداربوو 30 هونەرمەندە).

ئەم پێشانگایە ئێستا لە دەرەوەی فینلەندیش ناسراوە و زۆرێك لە هونەرمەندانی پەیوەندداریش ئارەزوومەندانە داوای بەشداریان كردووە. هەموو هونەرمەندانی بەشدار بوو فریا نەكەوتوون پێش كردنەوەی پێشانگاكە بەرهەمەكانیان بگەیەنن ، بڕیار وایە بەرهەمەكانی تر پێش دەستپێكردنی فێستیڤاڵەكە بگەنە جێ.

خەونەكان لە تابلۆكاندا دێنە دی: سالار سۆفی پێكهاتەی شێوەكاری كارە هونەرییەكانی خۆی ، بە شێوازی خاڵكاری و بە پێنووسی مەرەكەبی ماجیك دروست كردووە. لەم بارەیەوە بە پێكەنینەوە دەڵێت:

– ( تەنانەت یەك هێڵیشی تێدا نییە ، با ئەو هێڵە بە درێژی 1 میللیمەتریش بێت . كاتێك كە یەكەم تابلۆم بەم شێوازە نەخشاند نەمتوانی تاسەر بەردەوام بم ، بەڵام پاشتر ڕاهێنانی زۆرم لەسەر كرد).

تابلۆكانی خەون ئامێزن: – (هەر كەسێك خەون و خەیاڵی خۆی هەیە ، كە دەكرێت لە بیریدا ، لە دڵیدا یان لە تابلۆكانیدا بێت . مرۆڤ هەموو كاتێك بەو هیوایەوەیە كە داهاتوویەكی باشتر بهێنێتە دی لەوەی كە هەیە. بەڵام ئایا خەونەكان بەدی دەهێنرێن؟.... ئەمە نیشانەی پرسیارێكی گەورەیە) ، سالار سۆفی بەم جۆرە لێكی دەداتەوە. تەنانەت ڕەنگە جوان و گونجاوەكانیشی هەست جوانی و خەون ئامێزی تابلۆكانی سالار سۆفی دەردەخەن. لەم تەكنیكەدا نە دەكرێت ڕەنگەكان تێكەڵ و ئامادە بكرێن و نەدەكرێت لابرێن، تەنانەت بەدەستهێنانی پلە ( تۆن ) ی ڕەنگە خواستراوەكان ئەركێكە كە دەبێت یەكسەر لەسەر تابۆكەدا جێبەجێ بكرێت.

هاوڕێیەتی نەك ڕاسیزم: سالار سۆفی بەو هیوایەیە كە پاش ئەم تاقیكردنەوە دووروردرێژە لە كاركردن لەم بووارەدا، بتوانێت ناوەندێكی هونەری فرەكولتووری دابمەزرێنێت ، لەو ڕێگایەشەوە بتوانێت بە دووای جۆرایەتییەكی باشتر لە كاری هونەری بگەڕێت و پێشكەش بكات.

– ( تەنانەت ئەگەر هەمووشمان لە یەكتر جیاواز بین ، دەتوانین پێكەوە كارەكان بەرەو باشتر ببەین. جا چ باس لە هونەرمەندێكی فینلەندی بێت چ گامبیایی گرنگ ئەوەیە كە پێكەوە دەتووانین كەلێنەكانی نێوانمان تەسكتر بكەینەوە).

فێستیڤاڵی FACES شێوازێكە بۆ چاكتركردنی ژیانی مرۆڤەكان لە ڕێی هونەرەوە: لە كۆتاییدا سالار سۆفی داوای كرد: – ( با ڕێگا نەدەین ڕاسیزم گەشە بكات ، بەڵكو هاوڕێیەتیمان گەشە پێ بدەین ).

---

ڕۆژنامەی (Etelauusimaa) 27.7.2002 سەردێرەكانی ڕاپۆرتە هەواڵەكە: كارگەی ئاسنگەری Billnäs بەهەشتێكی فرەكولتوورییە......پێنجەمین پێشانگای FACES دڵگەرمی داهێنەرانی ڕاگەیاند.....پێشانگای ڕەنگە درەوشاوەكان.

سالار سۆفی، لە هونەرمەندانی گەلانی 15 وڵاتی جیاجیاوە ، پتر لە 150 تابلۆی ڕەنگرێژكراو بە تەكنیكی هونەری جیاوازی هەڵبژاردووە ، جگە لە كۆمەڵێك پەیكەر و سیرامیك. لە نێویاندا 3 تابلۆی خۆی كە سەرنجڕاكێشانە دەدرەوشێنەوە. ئەم تابلۆیانە لە دۆخێكی سوریالیستیدان و بە شێوازی خاڵكاری و بە پێنووسی مەرەكەبی ماجیك داهێنراون. شوێنەواری وردە دڵۆپی كارە هونەرییەكانیشی بەڵێنی دەریایەك لە ڕەنگ دەدەن ، ئەمەش ئاستی بەتوانایی و كارامەیی یەكجار نایابتر كردووە.

---

ڕۆژنامەی (Västranyland) 25.7.2002 سەردێڕی ڕاپۆرتە هەواڵەکە: پێشانگای شێوەکاری FACES لە ساڵانی پێشتریش گەورەترە.......... کارگەی ئاسنگەری Billnäs  بەهەشتێکی فرەکولتوورییە.

ئەم پێشانگا ساڵانەیە کە تا ئێستا گەورەترین پێشانگای شێوەکارییە ، سالار سۆفی ئامادەی کردووە و لەم بارەیەوە دەڵێت: – ( لە داهاتوودا پێویست ناکات پێشانگاکەمان گەورەتر بکەین ، بەڵکو گرنگتر ئەوەیە کە زیاتر پارێزگاری لەسەر جۆرایەتی کارە هونەرییەکان بکەین ).

بۆ ئەوانەی کە پاش سەردانی پێشانگاکە دڵگەرم دەبن و دەیانەوێت پەیامی خۆیان لە ڕێی بەهرەکەیانەوە ڕابگەیەنن، کەرەستەی وێنەکێشان و ڕەنگ لەبەر دەستدایە ، بۆ داهێنانی بەرهەمی هونەریی خۆیان.

لەساڵی پاردا، جەماوەری سەردانیکەر پتر لە 500 وێنە و تابلۆیان لە ڕۆژانی ڤێستیڤاڵەکەدا بەرهەم هێنا.

تەنانەت سالار سۆفی دەیەوێت شتێکی بەرجەستەکراوتر دابهێنێت و دەڵێت – ( تا ئێستا مەبەستمان دامەزراندنی ئەم پێشانگا شێوەکارییە بووە ، بەڵام بۆ پاشتر، نەخشەمان بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی فرەکولتووری هونەرمەندان هەیە.... پێویستیمان بە پەیوەندییەکی زیاتر و پتەوتر هەیە لەنێوان هونەرمەندانی وڵاتە جیاجیاکاندا . ئەمەش بۆ خۆی شێوازێکە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە و کەمکردنەوەی بیری ڕاسیزم).

---

شایانی باسە لەساڵانی ڕابوردوودا هونەرمەندانی کورد لە بەشی موزیك و گۆرانیشدا بەشداری کاریگەریان کردووە، بۆ نموونە لەساڵی 1998 هونەرمەندی بە ناوبانگی باکووری کوردستان شڤان پەروەر ، لەساڵی 1999 هونەرمەندی دەنگ خۆشی باشووری کوردستان کەمال موحەممەد ، لە ساڵی 2000 هونەرمەند سەردار لە باشووری کوردستانەوە.

ڕاگەیاندنی ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردی لە فینلەند kccfi@hotmail.com